# سەرهەڵدانی چەپ

(لە عێراق و ناوچەکە و جیهاندا)



**نوسینی: دکتۆر عەلی ئەسەدی**

وەرگێڕانی: ناجی ئەفراسیاو

چەپ، لەڕوانگەی ئەم وتارەوە هیچی کەمتر یان زیاتر نییە لەوەی کە بەشێکی کارایە لە بزاڤی کۆمۆنیزم، چ لۆکاڵی بێت یان جیهانی، ئەم ناوەش بۆ پێناسەکردنی بزووتنەوە و باڵە سیاسییەکان بەکارهاتووە کە جیاوازبوون لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی دایک، لەبارەی هەڵوێستی لەسەر دۆسیەیەکی سیاسی یان ئابوری. لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو تاکو ناوەڕاستی حەفتاکان دەستەواژەی "چەپ" بۆ پێناسەی  ڕەوتە نیشتیمانییەکان بەکارهاتووە، کە جۆشوخرۆشی دروستدەکرد لەدژی باڵادەستیی داگیرکەران، پاڵپشتی لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان دەکرد تاکو گەیشتن بە خەونی یەکگرتنی جیهانی عەرەبی. کاتێکیش بۆچوونەکان جیاواز بوون دەربارەی شێوازی گەیشتن بە ئامانجەکان، بینیمان ڕەوتە چەپەکان لەژێر ناوی نیشتیمانی و نەتەوەییدا دەردەکەوتن، پێوەری چەپ بوونی پەیوەست بوو بە ئاستی نزیکی لە دروشمی پارتە کۆمۆنیستەکان یان هاریکاری کردنی سیستەمی سۆسیالیستی جیهانییەوە.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی بەکارهێنانی دەستەواژەی "چەپ"، لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی ڕەوتە مارکسییە شۆڕشگێڕەکان لە نێو پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بەتایبەتییش لەدوای بەرزبوونەوەی ڕکێفی هێزی بەلشەفیەکان لە ناو پارتی سۆسیالدیموکراتی ڕوسی و دوای سەرکەوتنی بەلشەفییەکان و بڵاوکردنەوەی بەرنامە شۆڕشگێریەکەیان بۆ گۆڕینی روسیا وبەستنی پردی پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی جیهاندا، پێگەی ڕەوتە چەپەکان، لە نێوخۆی پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و چەند وڵاتێکی تری ئەوروپی بەهێزدەبوو، کە بریتیبوون لە چەند گروپێکی ڕۆشنبیریی مارکسی کە خەونیان بە شۆڕشێکی سۆسیالیستیەوە دەبینی بەسەرکردایەتیی چینی کرێکار.

کاتێک شۆرشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٧ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەمان ئەو ڕەوتە مارکسییانە پشتگیری و هاوکارییان کرد، بەڵام دوای ساڵانێک لە درووستبوونی سۆسیالیست لە ڕوسیا هەر بەزوویی پاشەکشێیان کرد، لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا خۆیان خستە لایەکی تری جیاواز لە بەلشەفییەکان و تاکتیکی (فلادیمێر لینین) لە بونیادنانی سۆسیالیست لە ڕوسیا و دواتر یەکێتیی سۆڤیەت، وێڕای ئەوەی ڕەوتی چەپی ئەوروپی لەگەڵ سەرکردایەتیی سۆسیالیستی لە ڕوسیا هاوڕابن  یان جیاواز، بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشێکی گرنگ بوون لە بزاڤی کۆمۆنیزمی ئەوروپی و کەلتوری  تیۆری و سیاسی لە سەدەی بیستەمەوە تاکو ئەمڕۆ.

لایەنی پۆزەتیف لە ڕەوتە چەپە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا ئەوەیە کە ئەوان هەرگیز دژی سۆسیالیستی نەوەستاونەتەوە ئەگەرچی  ڕێگربوون لە بەردەم تێزەکانی لینین بۆ بونیادنانی سۆسیالیزم لە ڕوسیا، هیچکات چالاکوانێکی نەتەوەیی یان بزووتنەوەیەکی شۆڤێنی بەرتەسک نەبوون، بەڵکو بزووتنەوەی بیری مارکسی بە شێوەیەکی جیهانی بەردەوام بوو، کتێبە سەرەتاییەکانی مارکس کۆمۆنیزمی خستە نێو

فەزایەکی جیهانی کە هیچ سنورێکی نەبێت، ئازادیی مرۆڤ بابەت و ئامانجی یەکەمین و دواهەمین بوو، ئازادبوونی لە هەموو کۆیلایەتی خاوەن موڵک و سەرمایەیەداران و شۆڤێنی نەتەوەیی خۆپەرست و دەسەڵاتداری چینێک و هەموو شێوەکانی قۆرخکاری کە پەیوەندیی بە کرێ و سەرمایە و قازانج و سود و کرێی موڵکانەوە هەیە. نمونەی چەپ بەدرێژایی بوونی ڕەوتە فیکریەکان، جیاوازبوون لەگەڵ مارکس و لەدوای ئەویش لەگەڵ لینین چونکە سەرکردەکانیان هەڵوێستی ڕاڤەکردنی دژبەیەکیان هەبووە لەگەڵیان هەندێکیان خراونەتە لای چەپی مارکس و لینین و هەندێکی تریان خراونەتە لای ڕاستیان.

دەستەواژەی (چەپی کۆمۆنیستی) لە ئەدەبی سۆسیالیستی لە سەردەمی (مارکس)ەوە بەکاردێت، بەکارهێنانەوەی لە ئێستادا و تەنانەت نوسین لەسەر فراوانی یان کورتمەودایی لەم نێوەندی کۆمۆنیزمە یان ئەو نێوەندەی تر نابێت خوێنەران تووشی سەرسوڕمان بکات، لەبەربوونی ئاراستە فیکرییەکان، چەپی کۆمۆنیستی کە لەسەروبەندی شۆڕشی سۆسیالیستیدا ناسرا و لەماوەی ساڵانی بونیادنانی سۆسیالیستی لە ڕوسیا مەبەست لێیان بە دیاریکراوی گرووپی ((مارکسی و کۆمۆنیستەکانی پێشووە))، کە جیاواز بوون لە شێوازی سەرکردایەتیی لینین و ستالین سەبارەت بە هەندێک لە پرسەکان: وەک کاتی شۆڕشی سۆسیالستی و جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی شۆڕش لەو بارودۆخە ئابوری و سیاسیەی ڕوسیادا و درووستکردنی حکومەتی سۆڤیەت و تاکتیکی کرمۆنت و سەربەخۆیی و ڕێکخستنی چینی کرێکار، هەروەها هەڵوێستی حیزبە کۆمۆنیستەکان لە بەشداریکردن لە پەرلەمان و سەندیکای کرێکاران و یەکێتییە بۆرژوازییەکاندا.

لە بارودۆخی ئێستادا چەندین ڕێکخراو و پێکهاتە بوونیان هەیە کە هەڵگری ناوی تایبەتن و ئاماژەیە بۆ باگراوەندی فیکرییان، ئەمەش بەو مانایە نا کەهەمان هەڵوێست و بیری ڕەوتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپایان هەبێت، کە لەکۆتایی سەدەی ١٩ سەریانهەڵدا. دیارترین و دێرینترین ڕەوتی چەپ، ڕەوتی (ئەنارشیزم) بوو کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ١٩، هەندێک لە نوسەران ڕەوتی ئەنارشیستی و ڕەوتی کۆمۆنیزمی ئەنجومەنی کە لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا لە ساڵانی ١٩٢٠ سەریانهەڵداوە، وەکو یەک سەیردەکەن. لایەنگرانی ئەم دوو ڕەوتە هەوڵ بۆ سیستەمێکی سۆسیال دەدەن کە شورای کرێکاران(سۆڤیەتەکان) سەرجەم پرسە ئابوری و سیاسی و ئەمنی و یاساییەکانی دەوڵەت بەڕێوە ببەن، واتە حکومەت بەمانا کلاسیکیەکەی ڕەتدەکەنەوە، دوای ئەوەی شورا و ئەنجومەنی هەڵبژێراو دەستی خستبووە نێو کاروباری دەوڵەت و حیزب، ڕەوتی ئەنارشیستی و کۆمۆنیزمی شورایی لە ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس ساڵی١٨٧١دا خۆی دەبینییەوە کە نمونەیەک بوو بۆ بونیادنانی سۆسیالستی. ئەنارشیستەکان بەپێی تێزی "کارل مارکس" پێیان وابوو قۆناغی کۆمۆنیزم لەدوای سۆسیالیزم دەگات بە مرۆڤایەتی، ئەنارشیستەکان بانگەشەیان بۆ ڕێبازەکەیان دەکرد، ئەویش هەر ئێستا نەوەک بەیانی جێبەجێبکرێت. گوایە پرەنسیپی ڕزگاربوونە لەهەموو شێوەکانی دەسەڵاتی هەرەمی، هەربۆیە خۆیان و ڕەوتەکەیان ناونرابوون بە فەوزەوییەکان، ئەوان هەوڵی ئازادکردنی کۆمۆنیزمییان دەدا.

ڕەوتی دووەم لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم(کۆمۆنیزمی چەپ)ە، کە بریتی بوون لە بیرمەندان و سیاسییەکانی ئیتالیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا، ڕێکخراوێکیان هەبوو بە ناوی (ئەنجومەنی یەکێتی کۆمۆنیستەکان دژی پەرلەمان)، چالاکییان لەهەمان ئەوکاتەدا بوو کە ڕەوتی ئەنجومەنەکان بڵاوببوونەوە، بەڵام ئەمان بەپێچەوانەی ڕەوتی یەکەم پشتگیریان لە بەلشەفییەکان دەکرد، لەهەمبەر هەڵوێستییان پەیوەست بە ڕۆڵی حیزب لە سەرکردایەتیکردنی چینی کرێکار و بەرنامە و سیاسەتی حکومەتی کرێکاراندا. لەهەمان کاتدا دژی بەلشەفییەکان بوون لەبارەی بەشداریکردنیانەوە لە پەرلەمان و یەکێتی و سەندیکا بۆرژوازییەکانی کرێکاراندا.

ڕەوتی سێیەم، ڕەوتی کۆمۆنیستە ماوییەکان کە پەیوەست بوون بە ڕاوبۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگ، لەبارەی شۆڕشی گەلانەوە و بونیادنانی سۆسیالیزم بەپێی بارودۆخی چین (وەک خۆیان ناویاننابوو)، ئەویش لەڕێگەی چوار چینەوە: کرێکاران، بۆرژوازە بچوکەکان(وردەبۆرژوا ) یان پیشەگەران، ڕەنجبەرانی لادێ، بۆرژوا نیشتمانییەکان .

لە ئەوروپا ڕەوتی چوارەم لەکۆمۆنیزمی چەپ سەریهەڵدا کە ئەویش ڕەوتی (ترۆتسکی) بوو، کە دەگەڕێتەوە بۆ(لیۆن ترۆتسکی) وەزیری دەرەوەی یەکەم حکومەتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧. کاتێک بۆچوونە جیاوازەکانی خۆی لەگەڵ (جۆزێف ستالین) ڕاگەیاند، ئەویش لە دوای مردنی سەرۆکی دەوڵەت و حیزب (فلادیمێر لینین).

دواتر دێینە سەر وردەکاریی هەر چوار ڕەوتەکە، بزووتنەوەی کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهەمان شێوە دابەشبوون بەسەر چەند بزووتنەوە و پارتێکی تری کۆمۆنیستیی کە تێڕوانینێکی سەربەخۆیان هەبووە بۆ شێوازەکانی بونیادنانی سۆسیالیزم، کە ئەمانیش بەدەر نەبوون لە ڕەوتە ڕاست و چەپەکان کە ڕووبەڕووی یەکبوونی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهانی و ئەوروپی بووەوە.

دەتوانین بڵێین ئەو بابەتانەی لێکترازانی خستە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەم ناوچەیەدا، هەمان گرنگیی ئەو بابەتانەی نەبوو کە بووە هۆی لێکترازانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئەوروپی لە سەدەی ڕابووردوودا، هەروەک ڕوونە هەندێ لە پارتە کۆمۆنیستەکانی ئاسیا لایەنگری تێزەکانی (ماو) بوون لە شۆڕشی گەلان و دژی سیاسەتەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی بوون بە سەرکردایەتیی ستالین. ڕەوتی ترۆتسکی جێگەی خۆی لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کردبووەوە ، ئەویش لەمیانی هەڵوێستیان لەهەمبەر سیاسەتەکانی سۆڤیەت بە سەرکردایەتیی ستالین و هەڵوێستی دژبەیەکی ستالین و لیۆن ترۆتسکی بە درێژایی ئەو ماوەی کە ستالین لە سەرۆکایەتی دەوڵەتی سۆڤیەتدا بوو.

بەدەر لەمانە هۆکارەکانی دابەشبوونی حیزبە کۆمۆنیستییەکان لە ناوچەکەماندا لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ کێشە ناوخۆییەکان کە دەرەنجامی جیاوازی لە ڕاوبۆچوونی نێوخۆی پارتە کۆمۆنیستەکان سەبارەت

بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی وڵاتەکانیان، ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای چینایەتییدا توندتر دەبووەوە، هەربۆیە ئەمەش لە نێو سەرکردایەتیی پارتە کۆمۆنیستەکاندا ڕەنگیدابووەوە، کاریگەریی بەسەر داڕشتنی سیاسەتی سەرکردەی پارتە کۆمۆنیستەکانەوە هەبوو، لەبارەی پرسە نیشتیمانی و جیهانییە سیاسی و ئابوری و هەڵوێستیان لەسەر هەبوونی کەمپی سۆسیالیزم.

یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی جیاوازییان لەسەری هەبوو، هەتاکو ئەمڕۆ بریتییە لە چۆنێتیی گەشەپێدانی ئابوری، ئایا لە ڕێگای بونیادنانی سۆسیالیزمەوە بکرێت، لە ڕێگەی شۆڕش یان بەبێ شۆڕش، هەڵوێست لەبارەی شۆڕشی نیشتیمانی بۆرژوازی، ئەمەش ناکۆکیی سەرەکی بوو بەهۆی گرنگیی ڕۆڵی سەرمایەی لۆکاڵی و بونیادنانی بۆ پاڵپشتیکردنی ئابوریی نیشتیمانی و پەرەپێدانی ڕۆڵی چینی کرێکار. ئەمانە کۆی هۆکارەکانی ناکۆکییان بوو سەرباری ئەوەش ململانێی کەسایەتییەکان دەبووە هۆی پێکهێنانی ڕەوت و ڕێکخراوی جیا لە ڕێکخراوی دایک(یان ڕێکخراوە ئەسڵییەکە)، کە هەریەکە و بیروبۆچونی تایبەت بەخۆی هەبوو بۆ ڕاکێشانی جەماوەر.

لە عێراقدا پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سۆسیالیزم و پێکهێنانی دەوڵەتی سەرمایەداریی لیبراڵ وەک ئەڵتەرناتیف، بووە هۆی دروستبوونی چەندین پارتی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ڕەوتی چەپ، هەمان حاڵەت لە وڵاتانی ناوچەکەماندا درووستبوو، لە ئێران تاکو میسر لە بەحرەین تا فەلەستین، دەگمەنە ببینیین وڵاتێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی لەژێر ناوی پارتی کۆمۆنیستی یەکیانگرتبێت. بەهەمان شێوە لە ئاسیا وەک هیند و پاکستان و بەنگلادیش و نیپاڵ و یابان و ئەندەنوسیا و مالیزیا و تایلەندیش بە هەمان شێوە بووە.

ئایا دەکرێت ئەمە وەک دیاردەیەکی درووست و پۆزەتیڤ سەیر بکرێت بۆ ڕکابەریی بیری دیموکراسی کە کاری باش و بیروبۆچوون و هەڵوێستی باشی لێ بەرهەم بێت هەروەها دورخستنەوەو لادانی شتە خراپ و بێ سودەکانی ژیان؟ یان ئەمە دیاردەی نەخۆشییە، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر بزاڤی خەباتی نیشتیمانی و چینایەتی هەیە، کە ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی لاواز دەکات؟ لەهەمبەر خەباتی چینی کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان لە خاوەن کارەکانیان بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەرکردایەتیکردنیان بەرەو سۆسیالیزم، دیاردەی دابەشبوونی نێوخۆیی ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر چالاکی سیاسی کۆمۆنیزم لە تاراوگە. هێزەکانیان کۆپیی هەمان ناویان هەڵگرت، وەک ئەوەی لە نیشتیماندا هەبوو. بەڵام ناکۆکیەکانیان لە ناوەڕۆکدا تێکەڵەیەک بوو لە بیری وردەبۆرژوازی، کە بەرژەوەندیی تایبەت و گشتی بەیەک دەگەیاند. هەروەها ڕازی بوون بە لادان و هۆشیاریی بەرپرسیارێتی. بە خوێندنەوەی ئێمە بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتانە و بابەتەکانیان لە عێراقدا، دەبینین سەرچاوەی دەرکەوتنیان و بەردەوامبوونیان لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیەکانیان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی دایک. بە گەڕانەوەمان بۆ وردەکاریی ناکۆکییەکان بۆمان بەدیاردەکەوێت کە لەبنەڕەتدا لەسەر هاوپەیمانێتیی سیاسی و

هەڵوێستی نەرمیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی سیستەمی سەدام لە ڕابردوودا، بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتادا چوونە بەرەیەکی سیاسیی ناهاوسەنگەوە.

ناکۆکییەکان توندتر و ئاڵۆزتر بوون لە بارەی هەڵوێستییان لەسەر هێرشکردنە سەر عێراق و داگیرکردنی، سەرباری ئەوانەش ناکۆکی لە شێوازی ڕێکخستندا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە سەرکردایەتیی حیزبەوە هەبوو، هەروەها تاچەند ڕێزی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزب و پەیڕەوی ناوخۆ دەگرت .

ئەو ناکۆکییانەی بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتی چەپی کۆمۆنیستی کە تەنها لەنێو (سەرکردەکان و بەشێکی کەم لە جەماوەری عێراقی بەگشتی و کرێکاران بەتایبەتی) خۆی دەبینیەوە، هەرلەبەر ئەم هۆکارانە زۆربەی ڕێکخراوە چەپە عێراقییەکان لەنێویاندا پارتی کۆمۆنیستی دایک جەماوەرێکی فراوانیان نییە کە لەدەوریان کۆببێتەوە و لەگەڵ دروشمەکانیان کارلێک بکەن، بەڵکو هەموویان بەدەست غیابی سەرکردایەتیی بە کۆمەڵ و نەبوونی فیکرێکی هاوبەش لەنێو سەرکردەکانیاندا دەناڵێنن. گۆڕاویشن بۆ ئۆفیسێکی میدیایی وەک لەوەی ڕەوتی فیکری سیاسیی جەماوەری بن. بە نەبوونی ئەم دوو مەرجە ناتوانین قسە لەسەر ڕاکێشانی جەماوەری فراوان بکەین بەمەبەستی کۆکردنەوەیان بۆ کارکردن لەپێناو پارێزگاری لە بەرژەوەندیی چینایەتیی چینی کرێکار و پرسە نیشتیمانیی و نەتەوەییەکاندا.

جیاوازییەکی زۆر نییە لە نێوان بارودۆخی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق لەگەڵ بزای کۆمۆنیستی لە وڵاتانی تری ناوچەکەدا.

*** *** *** ****

ئەو دابەشبوونە ناوخۆییەی لەئێستادا ڕوویکردۆتە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە وڵاتانی جیهاندا، لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ داڕمانی دراماتیکیی سیستەمی سۆسیالستسی جیهانی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. بەڵام ئەمەش بەواتای ئەوە نیە کە ڕەوتی کۆمۆنیستی پێش ئەو داڕووخانە یەکگرتوو بووە، بەڵکو بەشێوەیەکی کردەیی دابەشبوون لە چوارچێوەی پەیوەندیی دوولایەنەی دوو پارت وەک دوو برا، هەرچەندە بەدرێژایی چەندین ساڵ هەوڵی نزیککردنەوەی بۆچوونەکانیان دەدرا سەبارەت بە پرسە جێناکۆکەکان. بۆنمونە، ئەو ناکۆکیانەی ڕوویدا لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی یۆگۆسلاڤی و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیێتی لە پەنجاکاندا، هەروەها لەنێوان پارتی کۆمۆنیستی چینی و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیێتی لە شەستەکاندا. لە نێوان سەرجەم ڕەوتە کۆمۆنیستییەکانی جیهان و پارتی کۆمۆنیستی ڕۆمانی لە شەستەکانی سەدەی ڕابووردوو. هەروەها لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی چینی و ڤێتنامی لە حەفتاکاندا،

لەنێوان پارتی کۆمۆنیستی چینی و کوبی و ئەلبانی لە شەستەکاندا...هتد. بەڵام ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی هاوڕێیانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، هەندێکی کۆتایی پێهات، هەندێکیشی بەردەوام بوو بەبێ‌ئەوەی کاریگەریی لەسەر هەڵوێستە بنەڕەتییەکانی فیکری سۆسیالیستی هەبێت.

ئەو دابەشبوونەی لە دوای دارمانی سۆسیالیستی ڕوویدا گشتگیر بوو، هیچ پارتێکی کۆمۆنیستی لێی دەرباز نەبوو. ئەوەی ڕوویدا سەرجەم پارتە کۆمۆنیستەکانی تووشی شۆککرد، تەنانەت هەندێک لە پارتەکان چالاکییەکانیان هەڵپەسارد بۆ کاتێکی نادیار. هەندێکی تریان پەرتەوازەبوون بۆ چەند گرووپێک، کە هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخستن یاخود فیکری نەیدەبەستن بەیەکترەوە، تەنها لە دوورکەوتنەوەیان لە (خەتی) سۆسیالیست و کۆمۆنیستی یەکدەنگبوون. زۆرینەی پارتە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوو، تەنها دەستبەرداری ناوەکانیان نەبوون بەڵکو دەستبەرداری سۆسیالیزم وەک ئامانجێکی ستراتیژییش بیوون. هەروەها دەستبەرداری فیکری مارکسیزم بوون کە تیۆری ڕێنیشادەری گەشەکردنی جیهان بوو بەرەو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. لەبری ئەوە فیکری پارتی سۆسیالدیموکراتیان پیادەکرد. بەدەر لە ژمارەیەکی کەمی کۆمۆنیستەکانی پێشوو کە هەستان بەدامەزراندنی ڕەوتی کۆمۆنیستی چەپ، بۆ ڕێزگرتن لە بەها سۆسیالیستیەکان و بەرزنرخاندنی دەستکەوتەکانی سۆسیالیزم، لانیکەم لە وڵاتەکانی خۆیان. هەندێک لە پارتە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری بزووتنەوەکانیان ناودەنا ڕەوتی چەپ، بەڵام ئەم بژاردەیەیان پشتگیریی فراوانی جەماوەری و کرێکارانی بەدەستنەهێنا، ئەگەرچی هەندێکیان ژمارەیەک کورسییان لە پەرلەمانی نیشتیمانی و ئەوروپیدا بردەوە.

سەرەڕای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک بەسەر ئەو ڕووداوە هەژێنەرەدا، هێشتا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کاریگەریی ئەو ڕاتەکانەی لەسەرماوە، کە بەخەیاڵی هیچ کەسدا نەدەهات، بەڵام پارتی کۆمۆنیستی ڕوسی توانی خۆی ڕێکبخاتەوە و پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەر گرێبداتەوە. کەمێک لە پێگەی خۆی لە ژیانی سیاسیی ڕوسیادا بەدەستهێنایەوە، بەڵام هەمان پێگەی پێش لێکترازانی دەوڵەتی سۆڤیێتی بۆ نەگەڕایەوە.

لەمڕۆدا پارتی کۆمۆنیستی ڕوسی بەپلەی دووەم دێت لە پەرلەمانی ڕوسی(دۆما)دا لەدوای پارتەکەی سەرۆکی ڕوسیای فیدراڵ فلادیمێر پۆتینەوە، ئەو پارتەی کە دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی سۆڤیێتی دامەزرا، کەپێشتر هیچ پێگە و مێژوویەکی نەبوو لە ژیانی سیاسیی ڕوسیادا. مافیا گەندەڵ و دزەکانی دەوڵەتی سۆسیالیزمی پێشوو لەگەڵ هەلپەرستەکان پەیوەندییان کرد بەڕیزەکانی ئەم پارتە نوێوە، ئەوانەی کە دەیانەوێت بەسەر گەلی ڕوسیاوە خۆیان دەوڵەمەند بکەن. ئەم پارتە ئێستا بەپلەی یەکەم دێت لە پەرلەمانی ڕوسیادا و لەپێش ڕەسەنترین پارتی کۆمۆنیستییەوە دێت لە ڕوسیا و جیهاندا، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو دۆخەی دەوڵەتی سۆڤیێتی پێشوو پێی‌گەیشتووە.. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ڕوسیا و جیهان ڕووبەڕووی چارەنوسێکی تەمومژاوی بوونەتەوە.

لەلایەکی ترەوە بەهەمان هۆکاری سەرەوە، زۆربەی پارتە کۆمۆنیستەکان و ڕەوتە کۆمۆنیستە چەپەکان لە ناوچەکەمان بێئومێد و بێمتمانە بوون، بەهەمان شێوەی جەماوەری میللی کە تێڕوانینیان بەرامبەر سودی بزووتنەوەکەیان گۆڕدراوە. کاتێک دەبینن سەرکردەکانیان دەستبەرداری ڕۆڵ و فەلسەفەی سیاسیی کۆمۆنیزم بوون و دژەکەیان وەک ئەڵتەرناتیف هەڵبژاردووە. بۆ ڕزگاربوون لە میراتی ئەو ڕووداوە، پێویستە لەسەر نەوەی کۆنی کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو، ئەوانەی کە متمانەی خۆیان لەدەستنەداوە و کەسانی دەستپاک و ڕاستگۆی گەلانی سۆسیالیزمن بێدەنگی بشکێنن. بەڕوونی باس لە ئەزموونی پێشوویان بکەن و ئەو هەڵە و کەموکورتییانە بخەنەڕوو کە لەکاتی بونیادنانی سۆسیالیزمدا تێی‌کەوتوون: بەتایبەتی هەڵەکانی پارتی کۆمۆنیست لە بەڕێوەبردنی چالاکیی فیکری و ڕێکخستن و سیاسی لەناو کۆمەڵگاو ڕیزەکانی چینی کرێکاردا کە بەرژەوەندییان لە سۆسیالیزمدا هەبوو .

ئاشکراکردنی هەڵە و خاڵە نیگەتیڤەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ گرتنەبەری ڕێگای ڕاست و، سود دەگەیەنێت بە نەوەی نوێ لە نیشتیمانییەکان(وەتەنی) و کۆمۆنیستەکان و مارکسییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی پەیکەری پارتی کۆمۆنیست، داڕشتنەوەی شێوازی ڕێکخستن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەردا. هەروەها لە ئامادەکردنی پرۆگرامە فیکری و سیاسییەکاندا. هێزە مارکسییە لاوەکان ئەوانەی خاوەن هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیین شیاوی ئەوەن ببنە سەرکردەی بزوتنەوەی چینی پرۆلیتار بۆ دووبارە هەستاندنەوەی جەماوەر لەم وڵات و ئەو وڵاتدا، ئەویش بەمەبەستی پارێزگاری لە مافەکانیان و ژیانێکی سەربەرزانە بژین دوور لە چەوساندنەوەو قۆرخکاری[1]. تەنها لە ڕێگەی گروپێکی کۆمۆنیستیی گەنجەوە دەکرێت پارتی کۆمۆنیستی بگەڕێتەوە پێگەی پێشووی خۆی لە بزووتنەوەی چینی پرۆلیتاریادا. ئەویش وەک هەوڵێک لەپێناو شۆڕشێکی سۆسیالیستی لەڕێگەی شورای کرێکاران و ڕەنجبەرانەوە، بەو پێیەی باشترین شێوازی ڕێکخستنە بۆ بونیادنانی سۆسیالیزم لەبناغەوە. هەروەکچۆن ئەنجومەنەکان(شوراکان) سەرکەوتووبوون لە سەرپەرشتیکردنی هەردوو ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٠٥ و ١٩٠٧، پێش ئەوەی ڕژێمی ڕوسیا بە هێزی چەک کپیان بکەنەوە، شوراکان توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا و هەروەها پارێزگاریی لێبکەن و دەسەڵاتیان فراوان بکەن و زاڵ بین بەسەر هەموو ئەو هێزانەی هەڕەشەبوون بۆ سەر شۆڕش.

تاوەکو کادرێکی کۆنی حیزبی دێت حەقیقەتی کەموکورتیەکانی کاری پارتی کۆمۆنیستیمان بۆ ئاشکرادەکات، هەروەها ڕۆڵی کۆمۆنیست لە گەشەکردن و پێشکەوتنی سۆسیالیزم لە وڵاتە سۆسیالیستییەکانی پێشوو دەخاتە بەرباس، دەتوانین ڕاوبۆچوونی خۆمان بخەینە ڕوو دەربارەی گرنگترین هۆکارەکانی داڕمان.

---

[1]. خەباتی کۆمۆنیستی جیایە لە خەباتی ناسیۆنالیستی و تەنانەت دژی یەکتریشن. دەبێت مەبەستی نوسەر ئەوە بێت کە سەرەتا لاوانی نیشتمان لەناوخۆدا دەست بکەنە خەبات دژی بۆرژوازیی وڵاتەکانیان و پاشان ئەم خەباتانە ببەستنەوە بە بزاڤی کۆمۆنیستیی جیهانییەوە. مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا جەختیان لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە(ن).

بەبڕوای پۆلاینی ئێمە دەستبەرداربوون لە سیستەمی شوراکان بۆ بەڕێوەبردنی بونیادنانی سۆسیالیزم لە بنکەوە، فاکتەری سەرەکیی داڕمان و دواکەوتنی ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی بوو لە سەرکردایەتیکردنی دەوڵەتی سۆسیالیستی و شێواندنی دەستکەوتە ئابورییەکان. کە بووە هۆی خراپبوونی گوزەران و ژیانی چینی کرێکار بەراورد بە هاوشێوەکانیان لە وڵاتە لیبراڵە پێشکەوتووەکاندا. لەبەر هەمان هۆکار بوو کە چینی پرۆلیتار و جەماوەر هەڵوێستێکی سەلبییان هەبوو لەهەمبەر داڕووخانی وڵاتانی سۆسالیستی، ئەو سیستەمەی دروستیان کردبوو بەدیارچاویانەوە دەڕووخا، بێئەوەی هیچ پەرچەکردارێکیان هەبێت.

سەرباری ئەم هۆکارە سەرەکییە، چەند هۆکاری تر هەبوون یارمەتیدەربوون بۆ خێراتر ڕووخانی تەواوی سیستەمی سۆسیالیستی لە ڕوسیا، بەتایبەت نەبوونی دیموکراسییەتی ڕاستەقینە لە نێوخۆی پارتی کۆمۆنیستی دەسەلاتدار، کە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر تێکڕای دامەزراوەکانی دەسەلاتی تەشریعی لە وڵات وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ڕێکخراوەکانی کرێکاران و پیشەواران. لە سایەی دیکتاتۆریەتی پارتی کۆمۆنیستی و ئەنجومەنەکانی سۆڤێتدا؛ دیموکراسیەت وەک سیستەمێکی بنەڕەتی چاودێری کردن لەسەر دەسەلاتی جێبەجێکردن پیادە دەکرا. بەلام حیزب دەستی خستبووە سەرجەم بوارەکان و ئاستەکانی پرۆژەی بڕیاردان، هێزی یەکلاکەرەوە لای حیزب بوو نەک ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان. بەواتایەکی تر دیموکراسیەت لە نێو حیزب دەبێتە هۆی ململانێ و ڕکابەریی نێوان بۆچوونە فیکری و سیاسییەکان کە دواتر بڕیاری کۆتایی بە کۆدەنگی دەردچێت، یان هەمواردەکرێتەوە یاخود ڕەتدەکرێتەوە.

کۆنگرەو ڕێکخراوەکانی حیزب لەسەرتای دروستبوونیدا سەکۆیەکی دیموکراسی و کراوە بوو بۆ ئەندامەکانیان کە ڕاوبۆچوون و پێشنیارەکانیان بخەنە ڕوو، سیاسەتی فەرمی بەشێوەیەک دادەڕێژرایەوە کەهەمووان لەکاتی جێبەجێکردنیدا ڕێزی بگرن .

نموونەی ئەم دیموکراسییەتە لەسەرەتای پراکتیزەکردنی لە ڕوسیا سەرکەوتووبوو، ئەویش بەهۆی سیستەمی شوراکان کە لەوێ پیادە دەکرا، بەلام ئەم دیموکراسییەتە کەوتە هەڵەوە! دواتر بووە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدان و پێشکەوتنی ئابوری کە بووە هۆی خراپیی جۆری ژیانی جەماوەر. لەئەنجامی شێواندنی دیموکراسیەت لە نێوخۆی حیزب گەندەڵی بڵاوبووەوە و مۆراڵ لە دەزگاکانی حیزب و حکومەتدا هەرەسی هێنا، گۆڕرابوون بۆ قەوارەیەکی بیرۆکراسی دژ بە فیکری پارتی پرۆلیتاری و سۆسیالیستی، بەشێوەیەکی پراکتیکی بوو بە دژەشۆڕش لە دژی سیستەمی سۆسیالیستی لەناو خۆیدا .

گەرچی پارتی کۆمۆنیستی پالپشت و میکانیزمی یەکگرتن و کۆکردنەوەی هەوڵە نیشتیمانییەکان بوو، بۆ بونیادنانی دەوڵەتی گەل لە ناوخۆ و پشتگیریی لە خەباتی نیشتیمانی دەکرد لە دەرەوە دژی ئیمپریالیزم و قۆرخکاران، بەلام دواتر بەشێکی زۆریان بوون بە تۆڕێک بەرژەوەندیی ئابوری نوخبەیەکی ساختەی حیزبیان هەڵدەسوڕاند. ئەوانەی لەم سالانەی دوایی ژیانی سیستەمی سۆسیالیزمدا، بە مافیای ئابوریی دووەم

ناسرابوون، کە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت دەمامک لە ڕووخساریان لادرا و نوخبەیەک خاوەنی بلیۆنەها دۆلار بوون.

گرنگترین هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ لەناوچوونی سیستەمی سۆسیالیستی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی پێشوو میخائیل گۆرباچۆڤ کە دەستی کردبوو بە پاکتاوکردن.

کردەی پاکتاوکرن تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتی سۆڤیەتدا نەبوو بەڵکو گلۆپی سەوزی بۆ وڵاتە سۆسیالەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش هەڵکردبوو، بۆئەوەی دەستبەرداری سۆسیالیزم ببن وەکچۆن خۆی لە ناو دەوڵەتی سۆڤییەتدا دەستبەرداری ببوو.

هەڵوەشانەوەی سیستەمی سۆسیالیزم بەبڕیاری سەرەوە لە خودی گۆرباچۆڤ خۆیەوە دەرچوو، ئەگەرچی بەدەرنەبوو لە گەمەیەکی ئیدارەی ئەمریکا. خودی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا "ڕۆناڵد ڕیگان" پیاهەڵدانی ساختەی بەرامبەر گۆرباچۆڤ دەردەبڕی، هەروەها پشتیوانیی هەڵسوکەوتەکانی دەکرد بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەو ڕێبازەی گرتوویەتیبەر. لەبەرامبەر چەند بەڵێنێکی درۆ، گوایە چیتر ئەمریکا لە داهاتوودا دەستوەرنادا تە کاروباری دەوڵەتی سۆڤیەت. (پێشتر بابەتمان نوسیوە، دەربارەی ئەو بەڵێنانەی کە ئەمریکا لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت نەیبردەسەر).

یەکێک لەو نمونانە، پەلهاویشتنی پەیمانی ئەتلەتیک بوو بەرەو وڵاتانی پەیمانی وارشۆ تاکو دەگات بە سنوری ڕوسیا، کە بووە هۆی درووستبوونی بارگرژی لەناو زەریای ڕوسیای جیۆسیاسی. یەکێک لە بەڵێنە شکاوەکانی تری ئەمریکا دەستێوەردانی ئاشکرا بوو، لە ئۆکرانیا بۆئەوەی هەڕەشە لە ئاسایشی ڕوسیا بکەن، هەروەها گرژی و ئاڵۆزی لەدەوروبەری بلاوبکەنەوە، دواتر پەلیانهاویشت بەرەو ڕۆژهەڵات وڵاتانی ئیسلامی پشتی قەفقاس، بەمەبەستی لاوازکردنی ڕۆڵی ڕوسیا لە جیهان و دوورکەوتنەوەی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

دۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم لە ئەوروپا باشتر نیە لەوەی کە ڕووبەڕووی ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەوە، لەوکاتەوەی توشی شۆکی داڕمانی سۆسیالیزم بوونەتەوە ئەوانیش بە دۆخی پاشەکشێ و پەرتەوازەبووندا تێپەڕ دەبن، لەم دۆخەدا گوزەر دەکەن. بۆ دەرچوون لەم دۆخە ناهەموارە پێویستدەکات بەدووبارە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێو باڵەکان و گرێدانی کۆبوونەوەی هەرێمایەتی و جیهانی بەوشێوەی لەسەردەمی یەکێتی سۆڤییەت وەرزانە بەبەردەوامی دەبەسترا. لە نمونەی ئەو کۆبوونەوانە پێویستە بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە سیاسییانەی ڕەوتە جیاوازەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی سەرقاڵکردووە. بەڵام وەک لە دێڕەکانی پێشوودا ڕوونمانکردەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەورووپی لەنێو خۆیدا دابەشبووە، چەند هۆکارێک هاوڕێیانی بزوتنەوەکەی لەناو یەک وڵات و هەموو کیشوەرەکە لەیەکتر دوورخستەوە.

سۆسیالیزم وەک ئامانج بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەکدەخست لەنێو وڵاتانی ئەوروپیی سەرمایەدار، بەڵام کاتێک سۆسیالیزم لەسەر شانۆی جیهانی بوونی نەما ئیتر هیچ شتێک نەبوو یەکیانبخاتەوە. بەڵکو هۆکارێکی زۆر هەبوون بۆ ناشتنی تۆوی دووبەرەکی. سەرئەنجام بزووتنەوەی کۆمۆنیزم سەدەیەک زیاتر لە تەمەنی خۆی خستە پەراوێزەوە.

دارمانی سۆسیالیزم ئومێدی سەرکەوتنی گۆڕی بۆ بێزاری و بێئومێدی، ئەم دیاردەیەش سەرجەم باڵە چەپەکانی کۆمۆنیزم هەستی پێدەکات نەوەک تەنها ئەوروپییەکان. لەو بڕوایەداین ئەم دیاردەیە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، لانیکەم بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە سایەی باڵادەستیی ئەمریکا بەسەر جیهانی ئێستاوە. لەم بارودۆخەی ئێستادا سەرمایەداری ڕابەرایەتیی پێشکەوتنی ئابوریی جیهان دەکات، هەر ئەویش کۆنترۆڵی هاوسەنگی هێزە جیهانییەکان دەکات، هێزی سەربازی و ڕۆڵی سیاسی خۆی لە ئەوروپا و جیهاندا سەپاندووە، لەکاتێکدا هاوسەنگیی هێزی جیهانی لە پەنجاکانی سەدەی پێشوودا لە بەرژەوەندیی سیستەمی سۆسیالیستیی جیهانی بوو.

بەڵام هەرگیز نابێت ئەم دیفاکتۆیە هێندە گرنگی پێبدرێت کە وای ببینین ئەمە کۆتایی مێژووە، چونکە هێزە شۆڕشگێڕەکان لە ڕیزەکانی چینی کرێکارانی جیهان کە بەهۆی نەبوونی سیستەمی سۆسیالیزمی جیهانی لەدۆخێکی پەشۆکاودا دەژین، هەرزوو بەئاگا دێنەوە. سەرەنجام تەنها خۆیانن بڕیار لەسەر ڕێڕەوی پێشکەوتنی جیهان دەدەن، کاتێک میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانیان بۆ فەراهەمدەکرێت. بەڵام پێش ئەمە دەبێت دان بەگرنگیی یەکگرتوویی چینی کرێکاری پێشکەوتووخوازدا بنێین بۆ هەموو وڵاتەکان، وەک پێشمەرجی یەکگرتنی خەباتیان لە بەرەیەکی پۆڵایندا دژی سەرمایەداری بەمەبەستی سەپاندنی مەرجەکانی بۆئەوەی گەرەنتیی پشکی زیاتر بکات لە بەهای ئەو کارەی لە سەنتەرەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەیکات. درووشمی (کرێکارانی هەموو وڵاتەکان(جیهان) یەکبگرن) دەریدەخات کە یەکبوونی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا چەندە پێویست و گرنگە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەسەر ڕێبازی سۆسیالیزم. ئەمەش ئەو ئەرکەیە کە بزووتنەوە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا پەیڕەویاندەکرد لەسەردەمی گەشەکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا. لەم هەلومەرجە نوێیەدا بونیادنانەوەی فەرهەنگی کۆمۆنیزمی جیهانی پێویستییەکی هەنوکەییە، بۆئەوەی پاشهاتەکانی دارمانی سیستەمی سۆسیالیستی تێپەڕێنین، یەکەم شت ئەو مۆتەکەی لەسەرشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم درووستبووە لایبدەین، دووەم کار بۆ داڕشتنی ستراتیژێکی نوێ بۆ گواستنەوە بەرەو سۆسیالیزم.

پێویستە لێرەدا ڕێز و سوپاسگوزاری ئاراستەی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی یۆنانی بکەین، کە دەستپێشخەرییان کرد لە گرێدانی کۆبوونەوەی وەرزی بۆ ژمارەیەک لە پارتی کۆمۆنیستی و کرێکاری (٢٢ پارت)، کە تیایدا متمانە بۆ پەیوەندیی نێوانیان گەڕایەوە، لەهەمان کاتدا تاوتوێی بارودۆخی سیاسی

هەرێمی و نێودەوڵەتی کرا، بۆئەوەی هەڵوێستێکی ڕوونیان هەبێت سەبارەت بەوەی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا دەگوزەرێت. پارتی کۆمۆنیستی یۆنانی پابەند و دڵسۆز بوو بۆ دۆسیەی چینی کرێکار و بونیادنانی سۆسیالیزم، سوربوو لەسەر بانگهێشتکردنی پارتە براکان بۆ گفتوگۆو دیداری ڕووبەڕوو، لەنێویاندا دیداری پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی دەریای سپیی ناوەڕاست، کە بانگهێشتی هەندێک لە نوێنەرانمان لە پارتە کۆمۆنیستە عەرەبییەکان کرابوو .

پێکهێنانی گروپێک لە پارتە کۆمۆنیستییەکان لەبارودۆخی جیهانی نوێدا، دەکرێت بیێتە هەوێنی پێکهێنانی لیژنەیەکی هەمیشەیی کە ئەرکی هەماهەنگیی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهان لەخۆبگرێت، بانگهێشتی لایەنەکان بکات بۆ کۆبوونەوەی وەرزی یان لەناکاو بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان، هەروەها کارنامەی کۆبوونەوەکانی داهاتوو ئامادەبکات بۆ بەرەوپێشچوونی چالاکییە سیاسییەکان. دەکرێت پرسی فیکری سۆسیالیزم گەنگەشە بکرێت و ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان یەکبخرێت، بۆنمونە؛ ڕێگاکانی گواستنەوە بەرەو سۆسیالیزم لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، لە وڵاتێک بەشێوەیەکی ئاشتییانە بێت و لەوڵاتێکی تر لە ڕێگەی شۆڕشی گەلەوە بێت، بەسود وەرگرتن لە ئەزموونی هەڵە و سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە ڕابردوودا. ئەزموونی سۆسیالیزم لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ سەرەڕای هەڵەکان وانەی بەپیتی لەخۆگرتووە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە ململانێی چینایەتی و مانۆنەماندا بوون لەدژی چینی بەرهەڵستکار کە بەشێکی ململانێکان خوێناوی بوون. بۆرژوازە لۆکاڵی و بیانییەکان کە پێکهاتبوون لە سەرمایەدارانی لۆکاڵی و خاوەن زەوی و پیاوانی دەوڵەت و پیاوانی ئاینی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ سەرمایەی لۆکاڵی و بیانیدا هەبوو، دەستەوەسان نەبوون بەمەبەستی گەڕانەوەی پێگە و بەرژەوەندییەکانیان.

ڕەوتە کۆمۆنیستە چەپەکان لە جیهانی سێهەم وەک کۆمەڵگای عەرەبی و ئاسیایی کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتیمانیدا چالاکیان دەکرد، لەڕێگەی کودەتاوە هەوڵی جێبەجێکردنی سۆسیالیزمیان دەدا. هەروەها سود لە ئەزموونی سۆسیالیستیی وڵاتانی دیموکراتی میللی وەرگیرا، وەک: (وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و چین و ڤێتنام)، بۆ جێبەجێکردنی میکانیزمی گەشەی ئابوری. لەژێر ناونیشانی سۆسیالیزمدا هەوڵی زۆردرا، لەکاتێکدا پرۆسەی گەشەی ئابوری لە پراکتیکدا بە قۆناغی شۆڕشی بۆرژوازییەتی دیموکراسیدا تێپەڕدەبوو.

بۆنمونە، دەستکرا بە گواستنەوەی موڵکی تایبەت بۆ موڵکی حکومی (کۆمپانیای پیشەسازیی بیانی و بازرگانیی هەناردە و هاوردەی لەخۆدەگرت). هەروەها هەستان بە گواستنەوەی هەندێک لە چالاکیی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری بۆ چالاکیی هاریکاری. ئیدارەی مەرکەزی دامەزرا بۆ ئامادەکردنی پلانی ئابوری بەشێوەیەک ئاسان و گونجاو بێت لەگەڵ جۆر و قەبارەی چالاکییە ئابورییەکاندا. ئەو هەوڵانە لە هەندێک وڵاتی تازەگەشەسەندوو خرایە بواری جێبەجێکردنەوە لە ئاسیا و ئەمریکای لاتینی و ئەفریقا. لە ئەفریقا: (ئەسیوبیا، زیمبابۆی، کۆنگۆی میللی/بەرازافیل، ئەنگۆلا، مۆزەمبیق، میسر.) لە ئاسیا:

(کۆریای دیموکرات، مەنگۆلیای میلی، ڤێتنام، باشوری یەمەن، ئەفغانستان.) لە ئەمریکای لاتین: (کوبا، فەنزوێلا، چیلی.) وڵاتانی تریش بەدەرنەبوون لە هەوڵدان بەو ئاراستەیەدا. ئەگەرچی ئەو وڵاتانەی ئاماژەمان پێداون لەژێر ناونیشانی سۆسیالیزمدا بەسەرکردایەتیی ئەو پارتانەی خۆیان بەمارکسی دەناساند لە پراکتیکدا بەرژەوەندیی بۆرژوازییەتی نیشتیمانییان دەپاراست، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕەچاوی مافی چینە بێبەشەکانیشیان دەکرد.

زۆربەی ئەو حکومەتانەی بانگەشەی بونیادنانی سۆسیالیزمیان دەکرد وەک دەسەڵات ئامادەساز نەبوون بەشێوەیەکی پێشکەوتوو جێبەجێی‌بکەن، جگە لە کوبا، ئەزموونەکانی تر لە ڕەوتە چەپە شۆڕشگێڕەکان بەسەرکردایەتی ئەفسەرانی سوپا و نوخبەیەکی ڕۆشنبیر لە چینی ناوەڕاست و نوێنەرانی بۆوردە بۆرژواکان ڕابەرایەتی‌دەکرا.

ئەو وڵاتانەی سۆسیالیستبوونی خۆیان ڕاگەیاند، هاوکاریی ئابوری و هونەری و سیاسی و سەربازیی لە سیستەمی سۆسیالیستیی جیهانەوە پێدەگەیشت، ئەگەر ئەو یارمەتییانە نەبووایە نەیاندەتوانی لەبەرامبەر دوژمنەکانیاندا لە چینی بۆرژواز زۆر بەرگەبگرن. چونکە بۆرژوازەکان بەرژەوەندیی سەرمایەی بیانییان لەدەستچووبوو.

ئەمڕۆ سیستەمی سەرمایەداری بەسەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاسای توندی سەپاندووە بەسەر جیهاندا، سزای ئەو لایەنانەش دەدات کەهەوڵدەدەن ڕووبەڕووی دەسەڵاتداریتیی ئەو ببنەوە، بۆئەوەی تەرازووی هێز لەبەرژەوەندی خۆیدا بمێنێتەوە، ئەو تەنانەت ئامادەش نییە ڕێگەبدات بە ڕوسیا و چین وەک دوو وڵاتی سەرمایەداری ئەم تەرازووە لەبەرژەوەندیی خۆیان هاوسەنگ بکەنەوە، بەشێوەیەک کە خزمەت بە مافەکانیان و بوارە جیۆسیاسییەکەیان بکات.

درووستبوونی وڵاتی سۆسیالیستی لەڕێگەی هەریەک لەو ڕەوتە کۆمۆنیستانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، ئەگەر و شیمانەیەکی لاوازە ئەویش، بەهۆی زاڵبوونی سەرمایەداریی ئەمریکا بەسەر جیهانەوە. ئەگەر چینی پرۆلیتاریا لە یەکێک لە وڵاتانی سەرمایەداری یان سۆسیالیستی پێشوو توانیان خۆیان ڕزگاربکەن لەو باڵادەستییەو بەسەرکردایەتیی پارتەکانیان یان ڕەوتە کۆمۆنیستەکەیان بونیادنانی دەوڵەتی سۆسیالیستییان ڕاگەیاند، ئەوا لەسایەی تەرازووی هێزی جیهانیی ئێستا بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنادرێت بەردەوام بێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەڵکو گەمارۆی ئابوری و سیاسیی دەخرێتەسەر بۆئەوەی شکستبهێنێت، تاوەکو نەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو و وڵاتانی تر لاسایی بکەنەوە.

بەڵام بۆ هەتاهەتایە وانابێت، چونکە سیستەمی سەرمایەداری ناچاربووە دەستبەرداری ڕۆڵی کۆلۆنیاڵیی کۆنی خۆی ببێت، کەڕاستەوخۆ دەستیدەگرت بەسەر بەروبومی خەڵکدا لەبەرژەوەندیی سیستەمی چاوچنۆکی ئیمپریالیزم.

لەژێر فشاری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلە چەوساوەکان، سەرمایەداری فرەڕەگەز لەگەڵ بۆرژوازە نیستیمانییەکاندا سەروەت و سامانی دزراوی گەلانی جیهان بەشدەکەن. دەبێت ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤیەتمان بیرنەچێت ئەگەر پاڵپشتی ئەوان نەبوایە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی داگیرکار، ئەوا وڵاتانی ئیمپریالیزم دەستبەرداری باڵادەستیی خۆیان نەدەبوون، کە سەرەنجام دەیان وڵاتی داگیرکراو لەژێردەستی ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەڕەنسی و ئیسپانی و پورتوگالی دەربازیان بوو.

سەرمایەداری لەم سەردەمەدا پۆشاکی خۆی گۆڕیوە و ڕۆڵێکی نوێ دەگێڕێت، بەشێوەیەک کە سەروەت و سامانی گەلانی سەرزەوی بەکەمترین تێچوونی دارایی بچێتە خزمەتییەوە، بەرتیل دەدرێت بە سەرکردەی وڵاتە داگیرکراوەکانی پێشوو و گەندەڵەکانی ئێستا لەبەرامبەر بێدەنگییان سەبارەت بە چالاکیی سەرمایەی بیانی لە وڵاتەکانیان هەروەها دزینی سامانی سروشتی.

ئەگەر هەوڵەکانی بونیادنانی سۆسیالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەم سەرکەوتنی ڕێژەیی بەدەستهێنابێت لە بونیادنانی ئابوری و گەشەکردنی، ئەوا لەسایەی یارمەتییەکانی سیستەمی سۆسیالیستی جیهانیدا بووە، بەڵام بەلشەفییەکان پشتبەستن بەخۆیان سۆسیالیزمیان بونیادنا بێئەوەی هیچ دەوڵەتێک پاڵپشتییان بکات. هەستان بەئەنجامدانی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ تەنها پشتبەستن بە هێزەکانی گەلی ڕوسیا لە چینی کرێکار و ڕەنجبەران، پاڵپشتی دەرەکی نەکران، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو جیهانی سەرمایەداری هاوپەیمانییان بەست لەدژیان، بۆئەوەی پرۆژەی سۆسیالیزم شکست پێبهێنن.

سەرەڕای گرنگیی هەبوونی چینێکی فراوانی پرۆلیتاریا لە وڵاتێکی پێشکەوتوو لەڕووی ئابورییەوە، بەڵام بەبێ پارتی کۆمۆنیستی جەماوەری بەئاگا لە ڕۆڵی مێژووی خۆی؛ ناتوانێت سەرکردایەتیی شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە وڵاتەکەیدا بکات.

*** *** ***

لە لاپەڕەکانی پێشووی...ئەم وتارەدا، بەکورتی تاوتوێی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ڕەوتە چەپەکانمان کرد لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ هەروەها ئەو دابەشبوونانەی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لەئەنجامی دارمانی سیستەمی سۆسیالیستی درووستبوو. ئەو دابەشبوونە تائێستاش جەستەی پارت و ڕەوتە کۆمۆنیستەکان دەخوات، هەرچەندە چارەکە سەدەیەک تێپەڕیوە بەسەر هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سۆسیالیستی لەلایەن سەرکردەکانییەوە و بەفەرمانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی وڵاتی سۆڤیەت میخائیل گۆرباچۆف .

لەلاپەڕەکانی داهاتوودا باس لەدیارترین ئەو ڕەوتانە دەکەین کە سەرەڕای شۆکی دارمانی سیستەمی سۆسیالیستی، کەچی بەردەوام بوون لە کار و چالاکی.

پێش ئەوەی تاوتوێی ململانێی فیکری نێوان چەپی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستە مارکسییەکان(بەلشەفیەکان) بەسەرکردایەتیی فلادیمێر لینین بکەین، پێویستە وەبیرتان بهێنمەوە کە بزووتنەوەی چەپ لەسەردەمی مارکسەوە کاریگەربوون بە فیکری ئەنارشیزم و شوراکان. لە ئیسپانیا و ئیتالیا و فەڕەنسا ئەنارشیزم ئامادەگیی باڵادەستی هەبوو لەسەر بزووتنەوەی چەپ، لەماوەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ململانێیەکی توند هەبوو لە نێوان مارکس و باکۆنین، هەتاوەکو ئەمڕۆش لەنێوان شوێنکەوتووەکانیاندا بەردەوامە، سەبارەت بەوەی ئایا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی دەسەڵاتی ناوەندێتی هەبێت و لەسەرەوە بەڕێوەببرێت، یان بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لەبنکەوە بەڕێوەببرێت؟ دەبێت بەلامانەوە سەیر نەبێت کە ناکۆکی لەسەر بابەتی دەسەڵات بەردەوامە، تێپەڕبوونی کات ڕۆڵی نەبووە لە کەمکردنەوەی جیاوازییەکان، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە.

لەبەرئەوەی ئەو ڕەوتە چەپانەی بەهۆی ناکۆکییەکانەوە سەریانهەڵدا، لە یەک کاتدا دروستنەبوون، هەستاین بەدابەشکردنییان بەسەر سێ قۆناغی مێژوویدا:

قۆناغی یەکەم: لەگەڵ دابەشبوونی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی ڕوسی لەساڵی ١٩٠٢ دەستی پێکرد، دروستبوونی هەردوو باڵی بەلشەفی و مەنشەفیی لێکەوتەوە، تاکو هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧.

پێشتر و لەساڵی ٢٠١١ لە ژێر ناونیشانی (چەپی کۆمۆنیستی لەنێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی)دا وتارێکمان بە نۆ بەش دەربارەی ئەو بابەتە نوسیوە، ناگەڕێینەوە بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو وتارە جگە لەوەی پەیوەندی بەم باتەوە هەبێت.

قۆناغی دووەم: لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە جۆزیف ستالین لەساڵی ١٩٢٤ تاکو مردنی لەساڵی ١٩٥٣ دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆڤیەتی گرتەدەست، لەوماوەیەدا هەڵمەتی نەیارانی کۆمۆنیست پەرەیسەند، لەژێر ناوی بەرەنگاری ستالینی پرۆگرامەکانی سۆسیالیزم شێوێندران، کە بووە هۆی دابەشبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی لە دەرەوەی ڕوسیا بەشێوەیەکی ئاشکرا. لەم قۆناغەدا لایەنگرانی ڕەوتی ترۆتسکی زیادیکرد، بەتایبەتی لە ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان.

قۆناغی سێهەم: لەکاتی دەستبەکاربوونی نیکیتا خرۆشۆف لەسەر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت دەستپێدەکات.

قۆناغی چوارەم: قۆناغی ئێستایە، لەوکاتەوەی میخائیل گۆرباتچۆڤ دەسەڵاتی گرتە دەست تاوەکو ڕووخانی، بەبێ‌ئەوەی خاڵێکی پۆزەتیف لە بەرژەوەندیی سۆسیالیزم یان پارتی کۆمۆنیستی یان لەبەرژەوندیی ڕوسیا یان خۆی تۆماربکات .

لە ڕەوتە چەپە مارکسییەکانەوە دەستپێدەکەین کە بەلشەفییەکان خۆیان تیادەبیننەوە، لە سەرەتای سەدەی پێشوو ساڵانی ١٩٠٢-١٩٠٥ تاکو دەگات بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕاگەیاندنی سۆسیالیزم، بەڵام دواتر جیاوازبوون لەگەڵ بەلشەفییەکان.

دەبێت ئەوەش بەبیربهێنینەوە ڕەوتی کۆمۆنیزمی شورایی کە وەک بزووتنەوەیەکی یەککگرتوو دەرکەوتن، خاکێکی بەپیتیان هەبوو لە وڵاتانی وەک هۆڵەندا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام هەرزوو جیاوازی لەنێوان سەرکردەکانیان دەرکەوت، بەهۆیەوە دابەشبوون بۆ دوو ڕەوت کە هەریەکەیان خۆی بە لایەنگری مارکسیزم دەزانی، یەکێکیان لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئیسپانیا و ویلایەتە یەککگرتووەکان بەربڵاوبوو ئەویتریشیان لە ئیتاڵیاو بەریتانیا.

ئەنتۆنیۆ گرامشی و ئەماندۆ بۆردیگا دیارترین سەرکردەی ئەم ڕەوتە بوون لە ئیتاڵیا، بەڵام گرامشی لە بیروبۆچوونی چەپ پاشگەزبووەوە و گەڕایەوە نێو پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی، لەژێر کاریگەریی بارودۆخی ڕوسیا لەساڵی ١٩١٨ و بۆچوونەکانی بیریاری سۆسیالیزمی ئەمریکی دانییاڵ لی لیۆن گەڕایەوە بۆ سەر ڕێبازی ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیزمی سێهەم. بەڵام ئاماندۆ پێش ئەوەی ببێتە لایەنگری ترۆتسکی کۆمۆنیست بوو، هەوڵیدا ئەنتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیزمی چوارەم دابمەزرێنێت بەڵام شکستیهێنا، وەکچۆن لەپێش خۆی بوخارین و تیمە کۆمۆنیستەکەی شکستیانخوارد، دواجار لەساڵی ١٩٣٨ لیۆن ترۆتسکی سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنیدا.

پێش ئەوەی گرامشی بگەڕێتەوە نێو پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی، خۆی و ژمارەیەک لە سەرکردایەتیی ڕەوتی چەپی ئیتاڵیا لەو بڕوایەدابوون کە خەباتی پەرلەمانی تەنها بریتییە لە چالاکیی سەرکردەکان، لە جەماوەر دادەبڕێن و خەڵک دەکەوێتە پەراوێزەوە، چەند تاکەکەسێک بەنوێنەرایەتیی ئەوان کاردەکات. بیروبۆچوونەکەیان دەڵێت: پێویستە پارتی کۆمۆنیستی سازش نەکات و پێویستە پارێزگاری لە ڕێبازی پاکی خۆی بکات، هەروەها بێلایەنیی خۆی لە فیکری چاکسازی لەدەستنەدات، بەرنامەی هەمیشەیی ئەوەبێت بەرەو پێشەوە بڕوات بەبێ وەستان و لادان لەسەر ڕاستەڕێی شۆڕشی کۆمۆنیستی. لەنمونەی ئەم هەڵوێستەش چەند چەپێکی کۆمۆنیستی تر ئەم ڕێچکەیان گرتەبەر وەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لیبکنیخت کەدەیانوت: (سەردەمی پەرلەمانیزم بەسەرچوو، دەبێت بەهەموو شێوەیەک گەڕانەوە بۆ خەباتی پەرلەمانی ڕەتکەینەوە).

چەپی کۆمۆنیستی ئیتالی و بەریتانی و ئەڵمانی هەڵوێستیان لەدژی پارتی بەلشەفی و ڕێبازی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیزمی سێهەم نەبوو، بەڵکو بەردەوام پەیوەندییان بە بەلشەفییەکانەوە هەبوو تاکو دواتر بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ لایان.

لینین ڕەخنەی لەم دوو هەڵوێستە گرت، کاتێک وتی: (ئەمە بانگەشەیەکی هەڵە و لووتبەرزانەیە، هەروەها جێگای پێکەنینە چونکە خەباتی پەرلەمانی لە ئەڵمانیا بەسەرنەچووە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و خەباتکردن لەسەر سەکۆی پەرلەمان ئەرکێکی سەرەکی پارتی پرۆلیتاریی شۆڕشگێڕە. بەمەبەستی پەروەردەکردنی توێژەکانی خوارەوەی پرۆلیتار و فێرکردن و هۆشیارکردنەوەیان، هەروەها بەئامانجی بەئاگاهێنانەوەی جەماوەری گوندنشین و ڕۆشنگەری خەڵکی چەوساوە و دواکەوتوو. ئێوە خەریکی چەنەبازیین، وەکو ناتوانن پەرلەمانی بۆرژوازەکان و دامەزراوەکانی تری کۆنەپەرستان هەڵبوەشێننەوە، پێویستە لەسەرتان بەڕێکوپێکی کاری تیادا بکەن. لەبەرئەوەی هێشتا چەندین کرێکار لەگوندەکان لەلایەن قەشەکانەوە فریودراون، ڕاهاتوون کە لەژینگەی گوندە دوورەدەستەکاندا بژین).

ڕەوتی کۆمۆنیزمی شورایی لەلایەن گروپێکی بەناوبانگ لە مارکسییەکان و کۆمۆنیستە کۆنەکانەوە سەرکردایەتی دەکرا، کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و فەیلەسوف و شاعیری لەخۆدەگرت، بەڵام سەرکردایەتیی هیچ پارتێکی کۆمۆنیستییان نەدەکرد جگە لە ئەڵمانیا، کە چەپی کۆمۆنیستیی سەرکردایەتیی پارتێکی جیابووەوەی لە پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانی کرد، بەدەر لەوە چەپی کۆمۆنیستی تەنها لە چوارچێوەی تیم و باڵی جیاواز لەنێو پارتە سۆسیال دیموکراتەکان چالاکییان دەکرد. بەو هۆیەوە شکستییان هێنا لە درووستکردنی بزووتنەوەی جەماوەری تاکو بتوانن سەرکردایەتی بکەن بەرەو بونیادنانی دەوڵەتی سۆسیالیستی کە بەپێی تیۆری کۆمۆنیستی گەشە بکات و پێشکەوێت.

لەبەرئەوەی لەم بوارەدا سەرکەوتوو نەبوون چالاکییەکانیان تەنها لە توێژینەوەی تیۆرییدا خۆی دەبینییەوە، هەربۆیە باپەند نەبوون بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەوە. لەم ڕوانگەوە دەستیانکرد بە ڕەخنەگرتن و ئینجا بەرهەڵستکاری بەرامبەر بەرنامەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

شوراکان ڕۆڵی تیۆریستیان دەبینی، ئەوەش ڕۆڵی نوسەرە بێباکەکانە، لەدوورەوە قسەدەکەن و دابڕاون لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڕوسیا.

سەرکردەکانی حکومەت و حیزب و شوراکان لەکاتی بونیادنانی سۆسیالیزمدا سات بەسات لەگەڵ کردار و پەرچەکرداردا کارلێکیان دەکرد، ڕووبەڕووی دەیان و بگرە سەدان ئاستەنگی ڕۆژانە دەبوونەوە، لە ئابورییەکی نیمچە سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی دواکەوتوودا، لەنێو ململانێیەکی چینایەتیی سەخت و بەردەوامدابوون. بۆیە پاش تێپەڕبوونی کات کۆمۆنیستە شوراییەکان و ئەوانیتر، خۆیان لە پەراوێزی جەماوەردا بینییەوە.

جەماوەری کۆمۆنیزمی شورایی پشتبەستن بە(شوراکان) فراوان بوو، کە کرێکارانی ڕوسیا لە شاری بپیترسبێرگ درووستییانکرد، کاتێک مانگرتنییان ڕاگەیاند لە ساتەوەختی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥، کە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١. کۆمۆنیستە چەپەکان شورای کرێکارانیان بە میکانیزمێکی گونجاو دەبینی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری و ڕاگەیاندنی سۆسیالیزم. شێوازێکی ڕاستەوخۆی دیموکراسییەت بوو لەڕێگەیەوە کرێکاران خۆبەڕێوەبەرییان پیادەدەکرد، لە چالاکی بەرهەمهێنان لەسەرجەم کەرتە ئابورییە جیاوازەکاندا، هەروەها ئەرکەکانی تری دەوڵەت لە بواری کارگێڕی و سیاسی و حوکمڕانی و سوپا و ئاسایش. شوراکان مادەی یەکەمی پێکهێنانی تیۆری شورای کرێکاران بوو، کە دواتر سەرکردەی دیاریان لێ‌پەیدا بووو هەریەکەو تیۆری خۆی هەبوو دەربارەی سیستەمی سۆسیالیستی، کە تیایدا چینی کرێکار ئامراز و دەسەڵاتدارە پاش ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری دەڕووخێت، کەبەپێی پێشبینییەکانی خۆیان لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو لە ئانوساتدا بوو.

کۆمۆنەی پاریس لەساڵی ١٨٧١ ژێدەرێکی پیرۆز بوو بۆ چەپە شوراییەکان، دواتریش کرێکارانی ڕوسیا لە مانگرتنەکانیان لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥-١٩٠٧ پشتیان پێی بەست، دواتریش کاردانەوەی لەسەر هەردوو شۆڕشی شوبات و ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ هەبوو. هەرچەندە تەمەنی کۆمۆنەی پاریس زۆر کورت بوو و بە خەم و ناخۆشی کۆتایی پێهات، بەڵام ئەزمونێکی بەپیت و مەزنی بەجێهێشت. لە مێژووی داهاتوومان‌دا دووبارەنابێتەوە بەهۆی چالاکی و ئازایەتیی سەربازە لاوەکان کە سووربوون لەسەرخستنی، وانەیەکی مێژوویی نەمرە تاوەکو ڕەنجبەر و قۆرخکاریی سەرمایەداری لە جیهاندا بمێنێت. داستانی کۆمۆنارە پاڵەوانەکان تەنها ٧١ ڕۆژی خایاند، لەبەرواری ١٨ی مارس تاکو ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٨٧١.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ماوەی ساڵانی یەکەمیدا پشتی بە سیستەمی شورای کرێکاران(سۆڤیەتەکان) بەست، ناتوانرێت ماوەی پراکتیزەکردنی ڕاستەقینەی بخەملێنرێت بەهۆی ڕووداوی سیاسی و ئەمنی یەک لەدوای یەکەوە، لەکاتی جەنگی ناوخۆیی و دەستێوەردانی بیانی کە دۆخێکی سەخت و دژوارییان بەسەر دەوڵەتی سۆسیالیستیدا سەپاندبوو هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەربوو.

جەنگی دەستێوەردان کە وڵاتانی ئیمپریالیزم بەسەرکردایەتیی بەریتانیا و ئەمریکا و فەرەنسا و چەند دەوڵەتێکی تری سەرمایەداری لەدژی وڵاتی سۆسیالیزمی تازەپێگەیشتوو لەنێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٢ بەرپایانکرد، ئابوریی ڕوسیای بەرەو لێواری دارمان برد، بەهۆیەوە چینی کرێکار تویژی لاوانی خۆی کردە سوتەمەنی ئەو جەنگە. دەسەڵاتی بەلشەفی هەموو چەشنە ئامرازێکی لە بەڕیوەبردنی کاروباری ئابوری و سیاسی و ئەمنیی وڵاتدا بەکارهێنا، پێویستبوو هەمووان پاڵپشتی لە دەسەڵاتی پارتی بەلشەفیک بکەن. بەڵام باڵی چەپی کۆمۆنیستی لەنێو پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا و ئیتالیا و

بولگاریا و بەریتانیا پاڵپشتییان لە ڕۆڵی پارتی بەلشەفی نەکرد لە دەسەڵاتی سۆسیالیستی ڕوسیادا، هەرچەندە لە ڕۆژەکانی سەرەتایاندا پشتگیرییان کردن .

سەرەنجام باڵی چەپی کۆمۆنیستی دەستیاندایە بەرپاکردنی جەنگێکی ڕاگەیاندنی فیکری وسیاسیی بەرفراوان بۆ ڕیگەگرتن لە فۆرمی کارپێکراوی سۆسیالیزم، کە بەلشەفییەکان لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دەستیانکردبوو بە جێبەجێکردنی، بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناهەموار و ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی شۆڕشی سۆسیالیزم و دەوڵەتەکەی ببووەوە. کەمێک لەچەپەکان نەبێت لە دژایەتیی بەلشەفیک و دەوڵەتەکەی پاشگەزبوونەوە، ئیدی زۆربەی ئەوانیتر بەردەوام بوون لە بەرهەڵستکاری و ڕەخنەگرتن، ڕەتیان کردەوە دان بە سیستەمی سۆڤێتیدا بنێن وەک سیستەمێکی سۆسیالیستی، بەڵکو وەک سیستەمێکی بۆرژوازی سەیریان دەکرد، هەندێکیان بەدرێژایی ژیانیان بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی حکومەت و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی .

لەسەر بۆچوونێکی یەکگرتوو کۆکبوون ئەویش بریتی بوو لە:

(ئەوەی لە ڕوسیا ڕوودەدات دیموکراسییەتی بۆرژوازی و شۆڕشی بۆرژوازیی جووتیارانە -peasant Bourgeois Revolution-بوو، هەروەها سیاسەتی ناوخۆیی- خاوەندارێتی تایبەتی جووتیاران- و سیاسەتی دەرەکی– پەیوەندییە دیبلۆماتی و بازرگانییەکان لەگەڵ سەرمایەداریی جیهانی- هەردوو سیاسەتەکە دەیسەلمێنێت ئەوەی دەگوزەرێت گواستنەوەی دەسەڵاتە بۆ کەمینەیەک کە ڕاستەوخۆ بەرەو(سەرمایەداریی دەوڵەتی) دەڕوات .

بەڵام فلادیمێر لینین و یاریدەدەرەکانی لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی سۆسیالیزمدا هەڵمەتێکی فیکرییان لەدژی ڕەوتە ڕاست و چەپەکانی کۆمۆنیست بەرپاکرد، هیچ بوارێکی فیکری و چالاکییەکی ڕێکخستن نەمابوو ڕەخنەی لێنەگرێت و شرۆڤەی بۆ نەکات، بەڵام سەرکەوتنێکی کەمی بەدەستهێنا چونکە هەڵمەتی دژایەتیکردنی دەسەڵات و فۆرمی درووستکردنی سۆسیالیزم بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا لینین ڕەخنەکانی لە چەپ بە نوسین بڵاودەکردەوە و، بەرپەرچی ڕەخنەگرانی دەدایەوە. لە نوسینێکدا دەڵێت :

(بەلشەفییەکان نەیاندەتوانی پارێزگاری لە دەسەڵاتیان بکەن، تەنانەت بۆ ماوەی دوومانگ و نیویش نەک دووساڵ و نیو. ئەگەر لە پارتی بەلشەفیدا پەیڕەوێکی توندوتۆڵ و ئاسنین نەبوایە، هەروەها پاڵپشتی تەواو و بەئەمەکی سەرجەم چینی کرێکار بە بیریار و دەستپاک و جێبەجێکارەوە کە سەرکردایەتیی توێژەکانی تریان دەکرد بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەیان. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بریتییە لە جەنگی یەکترهاڕین و داپڵۆسین، چینی نوێ لەدژی دوژمنێک لەخۆی بەهێزتر ئەنجامیدەدات، دژی بۆرژوازیەتێک کە توانای بەرگریی دەیان قات زیادیکردووە، بەمەبەستی ڕووخاندنی- لەنێو تەنها وڵاتێکدا-).

سەرچاوە: www.saotaliassar.org